# نامەیەكی سەرئاوەلا بۆ سەرۆكی حكومەتی هەریم - هەولیر

بەریز نێجیرڤان بارزانی

هەروەك خۆتان لە نزیكەوە ئاگادارن كە دكتۆر كەمال سەید قادر لەبەرواری 26 / 10 /2005 لە كوردستان دەستگیركراو بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك بیّ سەروشوین كراو پاشان ئەوە بوو كە 30 سال زیندانی بەسەرا درا. كە ئەم هەلویست وبریارەی دەسەلات كاری بەشوینیك گەیاند كە جگەلە هەلویستگرتنی حكومەتی ئەمەریكاو لەبەرامبەر بەو حكومەداو رەخنەگرتنیان لەپەیوەند بە مامەلەی دەسەلات لەگەل ئازادی بیرورا دەبرین دا ، هەروەها دواتر حكومەتی نەمساش بە توندترین شیوە نیگەرانی خۆی لە هەلوستی دەسەلاتی پارتی دەربری سەبارت بە حوكمدانی دكتۆر كەمال. ئەمە جگە لەوەی كە سەدان نووسەرو رۆژنامەوان وكەسایەتی لە كوردستان و هەندەران بە توندی نیگەرانی خۆیان لەبەرامەر بە مامەلەی پارتی دژ بە ئازادی بیروڕادەبرین، راگەیاندو خوازیاری ئازادی بێبەندو مەرجی دكتۆر كەمال سەید قادر بوون. رەنگدانەوەی هەموو ئەو نیگەرانی و نارەزایەتی دەبرینیانە كاری بە شیوینك گەیاند كە بەریزیشتان دان بەو راستی یەدا بنین كە دكتۆر كەمال ستەمی لیكراوەو ئەوەتان دووپات كردەوە كەدكتۆر كەمال سزایەكی زۆر سەختی دراوەو لەگەل حالەتەكەدای زۆر ناگونجیت ومایەی نیگەراتی یە، راتان گەیاند كە هەموومان بەدادگاشەوە گیرودەی دەستی یاسا تەعەسوفی یەكانی بەعسین كە تا ئیستەش كاریان پیّ دەكری... هەر ئەوەشتان بەسەرچاوەی ئەو بیّ عەدالەتیەیە ناساند كە دووچاری دكتور كەمال بووە. بەریزتان بەلینتان دا كە بە شیوەیەكی یاسایی دكتۆر كەمال ئازاد بكری هەر لەوبارەوە بەپیّ ئەو هەوالانەی كە راتان گەیاندبوو دەبوو زۆر پیشتر دكتۆر كەمال ئازادكرایە. بەلام هەموو ئەو بەلین و هەولانە نەك تا ئیستە بە هیچ ئاكامیك نەگەیشتوون بەلكو بە نیگەرانی یەوە پیتان رادەگەیەنین كە دكتۆر كەمال رایگەیاند كە چیتر ئامادە نییە ئەو هەموو سووكایەتییە قبول بكات و ئەگەر تا سیّ رۆژی تر ئازاد نەكریّ ئەوا گیانی دەكەویتە بەردەم مەترسی یەوە رەنگە كاریك ئەنجام بدات كە ئاسایش بەپێی هەمان ئەو یاسایانەی كە بەریزتان نیگەرانیتان لەبەرامبەریان دەبری كۆتایی بە ژیانی دكتۆر كەمال بهینن .

بۆیە ئیمە وەك كەمپەینی ئازادیی بۆ دكتۆر كەمال پیتان رادەگەیەنین كە جیاواز لەوەی كە دەسەلاتی پارتی بەبەرپرس دەزانین لەبەرامبەر بە ژیان و چارەنوسی دكتۆر كەمال، هەروەها داواتان لی دەكەین كە هەرچی زووتر دكتۆر كەمال ئازاد بكەن وكۆتای بەم تراژیدیا تالە بهینن با كارەساتی گەورەتری لی نەكەویتەوەوتا ئیمەش ناچار نەبین دەسەلاتی پارتی رووبەرووی لیپرسینەوەیەكی گەورەتر بكەینەوە لە ریگەی ناوەندو و ریكخراوە نیونەتەوەییەكانەوە . ئارەوومەندین كە هەولی بەریزتان بەزووترین كات ئازادی بیّ بەندو مەرجی دكتۆر كەمال مسۆگەر بكات .

كەمپەینی ئازادی بۆ دكتۆر كەمال كومیتە سەرپەرشتیار

2006/ 2/ 26